

ژیاننامەی

دایکی ئیمانداران

ام سەلەمە

ئامادە کردنی: ئافرەتانی سەلەف

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا

ژیاننامەی : ام سلمە

ئامادەکردنی: ئافرەتانی سەلەف

١٧ صفر ١٤٤٤

✿ دایکی ئیـمانداران ام ســلمـه ✿

ام سلمه ناو هندی کچی ابو مغیرەی قورەیشی مخزوومیه ، ناسراوه به ام سلمه وه دایکی ناوی } عاتیکەی کچی عامیری کوڕی رەبیعەی کوڕی مالیکه } له مەککه له دایک بووه به موسلمانی له دایک بووه بەڵام ساڵی له دایکبوونی دیاری نەکراوه ، پێش ئەوەی ببێته هاوسەری رسول الله ﷺ هاوسەری عبد الله کوڕی ئەسەدی مەخزوومی بووه ، ئامۆزای خۆی بووه هەروەها برای شیری رسول الله ﷺ بووه ، به ابو سـلمه و ام سـلمه ناسرابوون خۆی و هـاوسەرەکەی ، هەروەها یەکێک بوون له کۆچ بەران که کۆچیان کردووه له پێناو الله جارێکیان بۆ حەبەشه لەگەڵ موسڵمانان وه جاری دووەم بۆ مەدینه . ابو سـلمه هاوسەری دایکی ئیمانداران زۆر زانا بوو له ٤ کۆچی له شەری ئوحود بریندار دەکرێت و بەهۆی سەختی برینەکەی وەفات دەکات و شەهید دەبێت، هاوسەرەکەی شەهید دەبێت دوای ئەوه هەریەکه له ئەبو بەکر و عومەر ڕەزای خودایان لێ بێت داوای هاوسەرگیر دەکەن لێی بەڵام ڕازی نابێت وه کاتێک رسول الله ﷺ داڕای لێ دەکات که هاوسەرگیری بکات پێی دەفەرموێت تۆ هاوسەرت هەیه رسول الله ﷺ فەرمووی ئەگەر به هۆی غیرەوه ئەوا الله لەسەری لا بردووی وه پێی فەرموو که هەتیوم هەن رسول الله ﷺ فەرمووی لەسەر الله پاشان رسولەکەیەتی ئینجا ڕازی بوو.

❀هاوسەرگیری ام سلمە و رسول الله ﷺ❀

پێش ئەوەی هاوسەرەکەی لە دەست بدات بەڵێنیان بە یەکتر دا بوو کە ئەگەر یەکێ لە هەردووکیان وەفات بکەن شوو نەکاتەوە و ئەمیش ژن نەهێنێت بەلام کاتێک هاوسەرەکەی شەهید دەبێت داوای لێ دەکات هاوسەرگیری بکاتەوە ئەوە بوو لە ٤ شوالی کۆچی لەگەڵ رسول الله ﷺ هاوسەرگیر کرد ئینجا فەرمووی کە گوێم لێ بووە ئەوەی هاوسەری بمرێت و موسلمان بێت ئەوە لە بەهەشت هەمان هاوسەری خۆی دەدرێت پێی جا کاتێک ابو سلمە شەهید کرا الله تعالی باشترین پیاوی بۆ هەڵبژارد.

❀وەسفی ام سلمــە ❀

ام سلمە ئافرەتێکی یەکجار ژیر و بە توانا بووە هەتا بە ڕادەیەک رسول الله ﷺ لەگەڵ خۆی دایبرد بۆ زۆربەی جەنگەکان وە پرس و ڕای پێکردووە وە بە قسەی کردووە ئەوە بوو کاتێک رسول الله ﷺ کاتێک ویستی لە ٦ شوال بچێت بۆ عومرە بەڵام قورەیشە کان ڕێگایان نەدا بچێت ئەوە بوو هۆی ڕێکەوت نامەی حودەیبە مۆرکرا رسول الله ﷺ فەرمانکرد بە سەربرینی ئاژەڵەکانیان ئەوەی هەیەتی وە دواتر قژیان بتاشن ئەوە بوو کەسیان بە قسەیان نەکرد رسول الله ﷺ بێ تاقەت بوو چوو بۆ ناو خێمەکەی ام سلمە فەرمووی چی بووە بۆ بێتاقەتیت ئەمیش باسەکەی بۆ کرد ام سلەمە پێی وت برۆ دەرەوە سەرت بتاشە و قوربانیەکە بکا کاتێک ئەوەیان بینی هەموویان داوای لێ خۆشبوونیان کرد بەهەمان شێوەی رسول الله ﷺ کردیان .

❁چەند سیفەتێکی دایکی ئیمانداران ❁

❁ قوربانیدان و ئارامگرتن لە کاتی جەنگەکان و کۆچ کردن وە هانی هاوسەر و کوڕەکانی دەدا لە جەنگەکان وە ئارامگرتن لەسەر نارەحەتی و ئازارەکانیان

❁ زۆر ژیر و زانا بوو بە ڕادەیەک کە ئایەتەکان دادەبەزین لەگەڵ ڕسول الله شیدەکردنەوە و تەفسیری دەکرد

❁دانایی ئەم خاتوونە بەڕێز نموونە زۆر دیارەکە کە ڕێکەوتنامەی حودەیبیەیە بوو وە ئامۆژگاری عوسمان کوری عەفانی دەکرد کە پشتگیری و هاوەڵایەتی رسول الله ﷺ بکات

❋ ام سلمە یەکێک بووە لەو کەم کەسانەی کە جوبرائیل سەلامی خوای لێ بێت بینیوە

❋ ام سلمە یەکێکە لەسەنەدەکانی بوخاری موسلم و ئەبو داود و النسائی و الترمذی و ابن ماجه یە

❋ وە فەرموودەی لە رسول الله ﷺ و عبدالله کوری ئەسەد و فاتمەی کچی رسول الله ﷺ وەرگرتووە.

✿ کۆچی دوایی ام سـلمـه ✿

واقیدی دەفەرموویت ام سلمە لە ٥٩ کۆچی لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کردووە ئەبو هوریرە وە دەشڵێن زید نوێژیان لەسەر کردووە بەڵام ئەحمەدی کوڕی خوسیمە دەفەرموویت لە ٦٠ رەجەب کۆچی دوایی کردووە کە هەمان ساڵی کۆچی دوایی معاویە بووە وە هەندێکیش دەڵێن ٦١ یان ٦٢ وەفاتی کردوەە اللە تعالی اعلم.

✱دوای وەفاتی رسول اللە ام سـلمـه ✱

لە دوای دایکی ئیمانداران زۆرترین فەرموودە ام سلمە گێراوەیەتەوە نزیکەی ٣٨٧ و ٣٨٠ فەرموودە ، دوای وەفاتی رسول اللە ﷺ هەر لە ماڵەکەی خۆی خەریکی نوێژ و عیبادەتکردن بووە . وە کاتێک خەلیفەی سێیەم { عوسمانی کەوڕی عەفان} شەهید کرا نامەیەکی بۆ دایکی ئیمانداران عائیشە نارد کە لە نامەکەدا باسی یەک ڕیز و پاراستنی یەک ڕیزی موسلماننا دەکرد وە بۆ معاویەی کوری ئەبوسفیانی نارد کە باسی لە پلەو پایەی عەلی دەکرد بۆ پاراستنی برایەتی لە ئیسلامدا

⁂ ڕەحمەتی اللە ی بەسەر بڕۆیت ⁂

الحمدلله رب العالمين...